

# مردنەکی تر

چەند خۆشە
لە بەرامبەر مردن دابنیشی و پێبکەنی
لێشی بپرسی هاتووی بۆ گیانی کێ
ئەی ترسنۆک
بێ ئەوەی پێمان بڵێت
رووحی کێ دەکێشی
دێیتە ژوورەوە .
ئای چەند خۆشە
بەرامبەری مردن دابنیشی
و ئەمجارەیان تۆ گیانی مردن هەڵکێشی .
هەرچی دەکەم
پێشوەخت پێم ناڵێت
رووحی کامە خۆشەویستم هەڵدەکێشی و
لەگەڵ خۆی بۆ ئەو دنیایە تاریکە دەبات .
هەموو جارێ
گۆڕێک ئامادە دەکەم
بۆ ئەوەی یەکێک لە خۆشەویستەکانم
تێیدا بحەسێتەوە ،
هەر پێم ناڵێت
نۆبەتی کێ یە و
هەر لە خافڵەتیدا ئازیزێکم
لەدەست دەدات .
هەتا رۆژی خۆم دادێت
دەبێت لەگەڵ مردن
هەر لە جەنگی مانونەمان بم و
هەر ئەویش سەردەکەوێت و
ناسیاوەکانم یەکەکەیە کەمدەکاتەوە و
لە ئەنجامیش هەر ئەو دەباتەوە ،
ئەی مردن

ئەگەر نەبوای
ئەوا وشـەی تۆش ترسـناک نەدەبوو .
ئەو هەمووە ئازیز و خۆشـەویسـتانەم
کەمنەدەبوونەوە ،
جارێکی تریش لە  کونجێکی دنیا
چاومان بەیەکتر دەکەوتەوە ،
یادگاری یە شیرین و تاڵەکانمان
بۆ یەکتر دەگێڕاوە .
چاوی چاوم مردنی جوان ،
تکام وایە
کەمێک بحەسێوە و بۆ خۆت بخەوە
جارێ بۆ خۆت بخەوە .

فەهد گردەوانی
ئۆکتۆبەری 2009 ئۆسلۆ